# ئیسماعیل خەیات:

## ئەو هونەرمەندەی لەگەڵ شین و شادی گەلەکەیدا دەژی

هونەرمەند ئیسماعیل خەیات لەمێژە لە گۆڕەپانی هونەری شێوەکاریدا سەرگەرمی کار و چالاکیی داهێنەرانەیە، ئەو لە کاتێکدا لە ئامادەکاری خستنەڕووی پرۆژەیەکی هونەریدایە، نەخشەی بۆ پرۆژەیەکی تر کێشاوە، ئەگەرچی هونەرمەندێکی نوێخوازە و لە سوودوەرگرتن لە ئەزموون و تیۆریی هونەریی گەلانی پێشکەوتوودا دریغی نەکردووە، بەڵام لەگەڵ شین و شادیی گەلەکەیدایە و بە شێوازی هونەری داهێنەرانەی خۆی شەڕ و وێرانکاری، کیمیاویباران و ئەنفال و شوێنەوارە نەگریسەکانی دەردەبڕێت و لەگەڵ دەنگ و ڕەنگە ئاشتیخوازەکانی نیشتمانەکەیدا ئەمیش سەربەرزانە دەڵێت: "منیش ئاشتیم دەوێت و هونەر بۆ ئاشتییە..."

بۆ سوودوەرگرتن لە بیر و بۆچوون و ئەو ئەزموونە هونەرییە کە هونەرمەند ئیسماعیل خەیات هەیەتی، هەروەها بۆ سەرهەڵدانی زیاتری ڕای بەرامبەر و هەڵسەنگاندنی هەرچی زیاتری بەرهەمەکانی هونەرمەند و ڕەخنەی بیناکارانە، پەیامنێری پەیام بە باشی زانی چەند پرسیارێک ئاڕاستەی هونەرمەندی ناوبراو بکات.



دەستتی خۆم



ئیسماعیل خەیات و بەشێک لە تابلۆی "ئاشتی بۆ کوردستان"

**پەیام:** لەکەیەوە توانای هونەریت دەرکەوت، ئەو هەلومەرجە کامە بوو کە پشتگیریی تەقاندنەوەی بەهرە هونەرییەکەتی کرد؟

**وەڵام:** لە منداڵییەوە توانای هونەریم هەبوو واتە پێش چوونم بۆ قوتابخانە دواتر لە پلەکانی خوێندن وەک قوتابییەک زۆر دیار بووم لە بواری وێنەکێشاندا، لەگەڵ تەمەنمدا تواناکانم ڕۆژ بە دوای ڕۆژ باشتر بوون، تاوەکوو قۆناغی ناوەندی وەک هونەرمەندێکی لاو سیما و سەرەتاکانی دەرکەوت. ژیانم لەنێوان شاری خانەقین و ناوچەی نەفتخانە (نفطخانە) بەسەر برد، دواتر لە بەعقوبە لە خانەی مامۆستایان وەرگیرام، ئا لەم کاتەدا کەسوکارم نیشتەجێی بەغداد بوون.

لە شاری بەغداد بە تەواوی تێکەڵی کەشوهەوای هونەری بووم و زۆر سوودم وەرگرت، لە پلەکانی خوێندنی ناوەندی و لە خانەی مامۆستایانی بەعقوبە مامۆستایانی هونەر ڕێنمایی باشیان کردم، بەڵام خۆشم زۆر بە عەشقەوە نزیکی جیهانی هونەر بووم و هەستم دەکرد خولیای هونەریم ڕۆژ بە دوای ڕۆژ گەورەتر و قووڵتر دەبێت، هەر لە سەرەتاوە بە دوای شتی تازە و تاقیکردنەوەکانی هەموو کەرەسە هونەرییەکان بووم، هەردەم گوێڕایەڵ بووم بۆ ڕێنماییە چاکەکانی مامۆستایانم و بە هۆی دەوروپشتمەوە بینینم دەوڵەمەند کرد.

ساڵی ١٩٦٥ لە کاتێکدا کە قوتابیی خانەی مامۆستایان بووم، بە ئەندام وەرگیرام لە کۆمەڵەی شێوەکارانی عیراق، ئەمە سەرکەوتن بوو بۆ خۆم و هونەرەکەم و هەمان ساڵ لەگەڵ گەورە هونەرمەندانی عیراقدا بەشداریم کرد لە پێشانگای ساڵانەی کۆمەڵی شێوەکارانی عیراق.

دەتوانم بڵێم ئەم ساڵە (١٩٦٥) سەرەتای سەرکەوتنی یەکەمی هونەریمە، پێشتر وەک قوتابییەک تینوی هونەر بووم، لە دوای ئەم ساڵەوە ساڵ بە ساڵ جموجووڵ و چالاکیم فراوانتر بوو."

**پەیام:** ئایا دەکرێت بڵێین بەڕێزت هەندێ قۆناغی هونەریت جێهێشتووە و چیتر ناگەڕێیتەوە سەری؟

**و**: هەڵبەتە بە چەند قۆناغێکی هونەریدا ڕۆیشتووم، ئێستاش ئێوە سیمای ڕێبازی دوێنێ و ئەمڕۆم دەزانن، من لام وایە هەر هونەرمەندێک هەندێک جار دەگەڕێتەوە بۆ ئیشەکانی، بەڵام هونەرمەندی لێهاتوو گۆڕانکاری لە قۆناغەکانی پێشوویدا دەکات، بە زیندوویی‌تییەکی تر، بە شێوازی تازەتر، تاوەکوو نوێکاری بخاتە سەر بەرهەمەکانی.

هەست دەکەم هەندێ جار و لە هەندێ لایەنی هونەرەکەم جۆرە ئاوڕدانەوەیەکی تێدایە بە تەکنیکە پێشووەکانم یان جۆرێک لە پەیوەندیی نوێکارانە دەبینم.. ئەمە ناو نانرێت گەڕانەوە، بەڵکو گەڕانەوە بۆ دۆزینەوەی نوێتر و قووڵتر، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە هەموو کاتەکانم بەرهەمی هونەری سەرکەوتوو بە دەست بهێنم.

قۆناغەکانی پێشووی هونەرمەند دەبێت بە بەش و بەردەوام لەگەڵ هونەرمەندا دەژین، چونکە بەرهەمی ڕابردوو و نوێ هەموویان لە داهێنانی هونەرمەند دەکەن و پەیوەندییان هەر دەمێنێتەوە و کاریگەریی خۆیان هەر هەیە بە درێژایی ژیانی هونەرمەند.

**پەیام:** ئەو تێگەیشتنەی کە بینەرێک دەیدات بۆ ناخی تابلۆیەکت تا چ ڕادەیەک جێگای ڕەزامەندیتە، بە تایبەت کە گەلێک جار تێگەیشتنەکان جیاوازن؟

**و.** هونەر بەرهەمێکە تاوەکوو داهێنان مۆرکی هونەرمەندەکەیە، بەڵام بینەر سەربەستە لە هەڵسەنگاندنی، بینەرەکان هەموویان جیاوازن لە بۆچوونەکانیان بەرامبەر تەکنیک و بیرۆکەدا، ئاستی هەستپێکردن و چێژوەرگرتن لە هونەری شێوەکاری جیاوازە، دیسانەوە هونەر بۆ ئەوە داناهێنرێت بۆ ئەوەی هەموومان وەک شتێکی زانیاری لەسەری ڕێک بکەوین، چێژوەرگرتن لە هونەر شتێکی تایبەتییە بەو مرۆڤە کە هەوڵ دەدات چێژی لێ وەربگرێت و لێکدانەوەیەکی هەبێت.

هونەری شێوەکاری زمانێکی تایبەتە جیاواز لە ئەدەب و مۆسیقا و شانۆ..تاد.، لەڕێی چاومان هەستی پێ دەکەین و پەیوەندی بە شارەزاییەوە هەیە، هەر کەسێکمان بێت بەڵام بە جیاوازی..

ئامێرێک نییە پێوانەی ئەم جیاوازییەمان بۆ دەربخات.

من هونەر ئەنجام نادەم بۆ ئەوەی هەموو کەسێک بە یەک ئاست تێی بگات، و حەقی بینەر دەدەم تەنانەت ئیشی منی بە دڵ نەبێت، زمانی هونەری نوێ گرانە، لای ئێمە بگرە لە زۆر شوێنی تریش شارەزایی یان نزیکبوونەوەی زۆر لە هونەری نوێ نییە، بەڵام ئەم شارەزایی و تێگەیشتنەش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر و لە مرۆڤێک بۆ مرۆڤێکی تر جیاوازە، لەبەر ئەوە چۆن هونەرمەند سەربەستە، بینەریش سەربەستە، زۆرجار هونەرمەند سوود لە بینەر وەردەگرێت، هەروەها بە پێچەوانەوە، هونەرمەند و بینەر تێکەڵبوونێکی فراوانیان هەیە.

**پەیام:** ئایا ڕێککەوتووە نەتوانیت بیرۆکەیەک لە تابلۆیەکدا بەرجەستە بکەیت؟ ئەو کات چی دەکەیت؟!

**و:** بیرۆکە و تەکنیک (شێوە) دوو بابەتی پەیوەندیدارن، وەزیفەیان جیا ناکرێتەوە، لای من زۆرجار شێوە بۆ خۆی مانایەکی گەورە دروست دەکات و بە پێچەوانەوە، مانا بۆ خۆی شێوەی جوان لە ڕێگای هونەرمەندەکەوە دادەهێنێت.

لە کاتی ئیشکردنمدا هەردوو لایەنەکە پێکەوە لە داهێناندا هاوکاریم دەکەن، زۆرجار ڕێککەوتووە نەتوانم شێوەیەکی گونجاو بۆ فیکرەیەک بکێشم. هەوڵ دەدەم لە کاتی



وێنەکێشاندا بۆ مانا قوربانی (تضحیە) بە شێوە نەدەم، شێوە تازەکان، دروستکردنی پەیوەندی لەنێوانیان و ماناکان هەندێ جار بە زەحمەت هەستی پێ دەکرێت، بەڵام ئەم بابەتە گرنگە و یەکێکە لە گرفتەکانی هونەر خۆی.

گەیاندنی هەستکردن بە بابەتێک یان بیرۆکەیەک بە ڕێگای خۆی زەمینەی خۆی دەوێت بۆ چێژوەرگرتن.

**پەیام:** ئەو نیشانە و هێمایانەی کە هونەرمەند بە کاریان دێنێت، تا چەند واتاکەیان لەگەڵ ئەو واتا ئاساییانەدا دێتەوە کە خەڵکی دەیزانن؟

**و:** ئەگەر بمانەوێت لە کاری هونەرمەندێک تێ بگەین یان چێژی لێ وەربگرین دەبێت، تاڕادەیەک، شارەزای باری تەکنیکی و ڕێبازی ئەو هونەرمەندە بین.

زمانی شێوەکاری وەک پێشتر ئاماژەم پێدا تایبەتمەندی خۆی هەیە، دەبێت لە بۆچوونەوە بچینە ناو ئیشی هونەری، ئەگینا شتەکانی و ئامانجەکانی ڕوون نابێت و پەیوەندیدروستکردن لە نێوانیاندا ئاسان نییە، لە هەموو بارودۆخێکدا یاخود بەگشتی هێماکانی هونەرمەند و بەراوردی لەگەڵ هێماکانی بینەر هەر جیاوازە، بەڵام شارەزایی هونەری بینەر و توانای هونەرمەند و دەوڵەمەندی بۆچوونەکانی کاریگەریی خۆیان هەیە.

**پەیام:** ڕۆچوون بە کولتوور و شارستانیەتی نەتەوەیی و جیهانیدا تا چەند بۆ هونەرمەند پێویستە و لەم ڕووەوە هونەری شێوەکاری کوردی لە چ ئاستێکدایە؟

**و**: هەڵبەتە هونەرمەند کە بەرهەم ئەنجام دەدات، شارەزایی و خبرەیەکی درێژی هەیە، شوێن و ئاو و هەواو و کولتووری ئەو وڵاتەی خۆی، دواتر کولتووری جیهانی، جموجۆڵ و ڕێبازە هونەرییەکەیان، بابەتە هاوبەشەکانی مرۆڤ کاریگەریی خۆیان لە بەرهەمەکانی هونەرمەند هەیە و ئەمە هەر زۆر گرنگە وابێت، ئەم هەموو بابەت و فاکتەرانە دەچنە سەر زیرەکی و فراوانیی خەیاڵی هونەرمەند و ئەوەی گرنگ و پێویست بێت تێکەڵ بە هونەرەکەی دەکات، بەڵام دیارە هونەرمەندان لە بۆچوون و بیروڕادا جیاوازن و هەڵبژاردنیان بۆ سەرچاوە و بابەتەکانیش جیاوازە، پێویستە هونەرمەند بە زیرەکانە سوود لەم سەرچاوانە وەربگرێت تاوەکوو ببێتە داهێنەرێکی ڕاستەقینە.

بە ڕای من هونەری شێوەکاری کوردی هەندێ هەوڵدانی هەیە و بەڵام ئەم هەوڵدانانە تاک تاکن و کۆسپەکانی سەر ڕێی هونەری شێوەکاریمان زۆرە بە هۆی بارودۆخی میللەتەکەمان و کولتوورەکەی (بارودۆخی سیاسیی چوارپارچەکەی کوردستان)، بارودۆخی ژێردەستی و زۆرلێکراوی.. و هەوڵی دوژمنانی گەلەکەمان بۆ ڕێگرتن و دواخستنی هونەری کوردی، هەموو ئەمانە کاریگەری خۆیان هەبووە.

**پەیام**: لە هەلومەرجی شەڕی ناوخۆی کوردستاندا هونەرمەند ئیسماعیل خەیات تا چەند توانیویەتی پەیامی ئاشتیخوازانەی خۆی ڕابگەیەنێت؟

**و:** بۆ ئاشتیی کوردستان تەنیا تابلۆیەکی گەورەم دروستکرد، لە ئابی (٢٠٠٠)دا لەنێوان هەردوو شەڕکەرەکە، لەنێوان کۆیە و دێگەڵە لە ناوچەی (پیرەر) کە ناوچەیەکی موحرەمەیە، بەڵام ئەم ناوچەیەم کرد بە پانتایی بۆ تابلۆیەکی گەورە بۆ گوزراشت لە ئاشتی، ئەمساڵیش بە هاوکاریی ڕێکخراوی شنەبای ئاشتیی ژاپۆنی (P.W.J) کە لە کوردستان کار دەکەن دەستم کردە پرۆژەیەک لەژێر ناوی (هونەر بۆ ئاشتی) بە هاوکاریی (٨) هونەرمەندی تر لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک کردمانە تابلۆیەکی گەورەتر، جێگای باسە ئەو تابلۆیەی کە پار تەواوم کردبوو، دەنگدانەوەیەکی میللیی گەورەی هەبوو، ڕۆڵی هونەر لە ڕاگەیاندنی پەیامی ئاشتیخوازانەدا کەوتە بەر باس و لێدوان، ئەمساڵیش بە هیوام کاریگەرییەکەی گەورەتر بێت بە تایبەت کە ئەو چەند هونەرمەندەی تر لە شارەکانی کوردستانەوە بەشدارییان تێدا کرد، ئەمەش گرنگە بەوەی کە هونەرمەندانی شێوەکاری کورد سەلماندیان کە هونەرەکەیان هەوڵ و دەنگ و داخوازییەکی بەرزە بۆ ئاشتی.

**پەیام:** هەلومەرجی گەشەکردنی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا لە چیدا دەبینیت؟

**و**: بە کورتی ئەگەر لایەنی ئیداری ڕۆشنبیری لە کوردستان گەشە بکات و کاروباری پشتگیری لە داهێنەران لە بواری شێوەکاریدا بە چاکی بە ڕێوە بچێت و مۆزەخانەیەکی نیشتمانی بۆ هونەری کوردی هاوچەرخ و ئەرشیفکردن دامەزرێت، پەیوەندی لە نێوان هونەرمەندان لە کوردستان و دەرەوەدا بەهێز بێت... و هەموو ئەو پێشنیارانەی خراوەتە بەردەم وەزارەتی ڕۆشنبیری و دەسگا هونەرییە پەیوەندیدارەکان وەڵامیان بدرێتەوە، ئەوا بێ شک هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا گەشە دەکات و بەرەوپێشەوە دەچێت، بەڵام ئێستا هەلومەرجەکەی زۆر گەشاوە نییە، بە هیواین دوارۆژ باشتر بێت.

**پەیام:** وەزیفەی هونەر لای بەڕێزتان چییە؟

**و:** هونەری شێوەکاری زمانێکی زۆر پێویستی میللەتانە، وەزیفەکەی جیاوازترە لە هەموو وەزیفەی هونەر و ئەدەبیاتی تر، ئێمە شێوەکارانی دنیا بە گشتی و کورد بە تایبەتی کۆمەڵێک بەرهەم ئەنجام دەدەین و دەبێت بە بەرهەمێکی نیشتمانی بۆ مێژووی میللەتەکەمان، هەستکردن بە جوانی، شێوە و قەوارە و پەیوەندییان بە ژیانمان و جوانکردنی ژیانمان و تەعبیرکردن لێی وەزیفەی هونەرە..

**پەیام:** دوابەرهەم و پرۆژەکانی داهاتووتان؟

**و:** دوابەرهەمم کردنەوەی پێشانگایەک بۆ (دەمامک) وەک دیاری بۆ ڕۆژی شانۆی جیهانی (٢٠٠١/٣/٢٧) و لەم کاتەدا کە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەمەوە خەریک و سەرقاڵی ئیشکردنم لە پرۆژەی (هونەر بۆ ئاشتی)م کە گەورەترین پرۆژەی هونەرییە لە کوردستان، بگرە لە عیراق، ئەم وێنەکێشانە لەسەر خاک و بەردی ناوچەی (پیرەر) بەڕێوە دەچێت و تیایدا کۆمەڵێک هونەرمەندی شارەکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆک و کەرکووک بەشدارییان کردووە... هەروەها لە بیری ئەوەدام پێشانگایەک بۆ مۆتیڤەکانم بکەمەوە و نموونەی هەموو تاقیکردنەوەکانی مۆتیڤەکانمی تێدا نیشان بدەم، پرۆژەی ترم زۆرە حەز دەکەم لە کاتی خۆی بیکەمە بابەتی نوێ بۆ بینەری خۆشەویست.